ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# دینی ووٚکیزم

## گفتوگۆ لەگەڵ ژان فڕانسوا براونشتاین

پرسی کۆمەڵایەتی • وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

گۆڤاری Revue des deux Mondes



# دینی وۆکیزم

**گفتوگۆ لەگەڵ ژان فڕانسوا براونشتاین**

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

پرسی کۆمەڵایەتی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

ژان فرانسوا براونشتاین، بیرمەند و پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانکۆی سۆربۆنی وڵاتی فەرانسا، لە تازەترین کتێبیدا بەناوی "دینی ووکیزم /la religion woke" تیشکێکی دیکە دەخاتە سەر ئایدیالۆژیای ووکیزم و بەناوی "دین" ناوی دەهێنێت.[1]

**پرسیار: سەرچاوەی ووکیزم چییە؟ چۆن پێناسەی بکەین؟**

براونشتاین: بزوتنەوەی ووک، بەمانای "وشیاربوونەوە"یە لە زمانی ئەفریقی/ئەمریکیدا و دەگەڕێتەوە بۆ دە ساڵ لەمەوبەر. لەگەڵ بزوتنەوەی ژیانی ڕەشەکان گرنگە (Black Lives Matter) و ئەگەرچی ڕەنگە ڕەگوڕیشەی بزووتنەوەکە کۆنتر بێت بەڵام لە ساڵی 2013دا سەر هەڵ دەدات. ئەم دەستەوشەیە بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت لەبەرامبەر "نادادی کۆمەڵایەتیدا" هۆشیار بین، وەک لەناو چالاکوانەکاندا باوە "وشیار بمێنەوە Stay Woke ". بزوتنەوەی ژیانی ڕەشەکان گرنگە، دروشمەکەی "وشیار بمێنەوە" بوو و خۆپیشاندانەکانی دووای مردنی جۆرج فلۆید، ئەمە بزوتنەوەکەی کردە بزوتنەوەیەکی جیهانی. بەڵام دەستەوشەی ”ووک"، هاوکات" ڕەنگدانەوەی "وشیاری گەورە"ی پرۆتستانە ئەمریکییەکانی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا پێوە دیارە و لەم لایەنەوە، ڕەهەندێکی دینیشی هەیە. ئەگەر من باسی دین دەکەم، بەو مانایەیە کە ووکیستەکان چیتر هەمان جیهانی ئێمە نابینن، ئەوان هەست دەکەن حەقیقەتێکیان دۆزیوەتەوە کە خەڵکی ئاسایی پێی نەگەیشتوون. ئەوان بە

1 بۆ ئاگاداربوون لە کارەکانی ژان فرانسوا براونشتاین بڕوانە ئەم بەستەرە:
https://www.revuedesdeuxmondes.fr/jean-francois-braunstein-ideologie-woke-snobisme-passager-sans-consequences/

حـەمـاسـە، بـانـگخواز، سێکتاریست (فیرقـەخـواز)، هۆگـری" کـەنسڵ/سڕینەوە"ن و مـل بۆ ئارگیومێنتهێنانەوە نادەن.

دینی ووٚکیزم، لەبنەڕەتەوە لە سێ "تیۆری" پێکهاتووە. "تیۆریی جێندێر" کە بایۆلۆژی بە گرنگ نازانێت و تەنیا هۆشیاری تاک لەسەر ژنبوون و پیاوبوونی لەلا گرنگە و پێیانوایە "شوناسی ڕەگەز"ی پەیوەندی بە جەستەوە نییە. هەروەها "تیۆری ڕەخنەی نەژاد" کە پێی وایە نەژادپەرستی سیستماتیکە: هەموو سپی پێستەکان نەژادپەرستن و هەموو ڕەنگینپێستەکان، قوربانین. بۆ خەبات دژی ڕەیسیزم دەبێت هەمیشە ڕەنگی پێست بەبنەما بگرن تا هەڵاواردنی پێچەوانە/ئەرێنی لەبەرژوەندی قوربانیان بکرێت. لە کۆتاییشدا تیۆری ”تێکهەڵکێشخوازی/ئینتێرسێکشناڵیزم" ڕێگە خۆش دەکات شوناسی قوربانی، ڕەگەز یان نەژاد یان هەر شتێکی تر، زەق ببێتەوە و بەزۆری بە وێنەی ژنێکی ڕەشپێست کە جارێک وەک ژن و جارێک وەک ڕەشپیست، بەشێوەی تێکهەڵکێش/ئینتێرسێکشناڵ هەڵاواردنی بەرامبەر دەکرێت، ڕۆشنایی دەخرێتە سەر. ئەم تیۆرییە، کەرەستەیەکی سیاسییە کە نرخاندن بۆ شوناسی قوربانی دەکات و پیاوی سپی پێست، سیسجێندێر، ئەورووپایی و کۆڵۆنیاڵیست بە پێی پێناسەکەی، تۆمەتبار دەکات. هەروەها بەشێکی فەلسەفیتر لە دینی ووٚکیزم لە ئارادایە کە "مەعریفەناسیی گۆشەنیگا"یە (perspective) و دەڵێت کە هیچ مەعریفەیەکی بابەتی (ئابجێکتیڤ) مەیسەر نابێت و هەموو زانینەکان پەیوەستن بە گۆشەنیگای ”دۆخمەند"ی (situationable) زاناکانەوە. کەوابوو دەتوانن زیندەناسی/بایۆلۆژی وەک "باوکسالارانە" و بیرکاری وەک زانستی

"سپی" یان "نەژادپەرست" بخەنە ژێر ڕەخنەوە. بە ژمارەی گرووپە بندەستەکان، ژمارەی زانستیش لە ئارادایە و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لە پرسی "حەقیقەت".[2]

**پرسیار: ڕێوڕەسمە کلێساییەکانی ووکیزم چییە؟ دەقە بناغەییەکان کامانەن؟ کێن دەروێشەکانی؟**

براونشتاین: لە ئەمریکا ئێمە کۆمەڵێک کۆبوونەوەمان بینیوە کە تیایدا چالاکوانە سپیپێستەکان، بە ئاشکرا دانیان بە هەڵەکانیاندا ناوە، لەبەردەم قوربانییەکان کەوتوونە سەر ئەژنۆ و داوای لێبوردنیان کردووە، تەنانەت گەیشتوەتە ئاستێك لە ڕیچواڵێکی کەمتازۆر مەسیحیدا پێیەکانیان بشۆن. یەکێکی دیکە لە ڕێوڕەسمەکان ڕێگرییە لە وتاری ئەو کەسانەی کە وەك ئەوان نین، وێرانکردنی پەیکەرەکان، قەدەغەکردنی نووسەران و تەنانەت سووتاندنی کتێبەکانیان، وەک چۆن لە کەنەدا بینیمان. بەم دواییانە قوتابییانی پزیشکی لە زانکۆی مینەسوتا سوێندی بوقراتیان نەخوارد، بەڵکوو بەڵێنیان دا خەبات بکەن دژی "ئیمتیازی سپی" و "باینێری سێکشوال" و هەوڵ بدەن "مەعریفەی ئێندیجێنیس" بگەڕێننەوە بۆ نێو زانستی پزیشکی.

---

2 بۆ لێکدانەوە و توێکاری ئایدیالۆژی ووکیزم و لێکەوتەکانی، خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەم سەرچاوانە لە ئەستێڵ ئینسایت:

https://astellinsight.com/theoretical-discussion/768/

https://astellinsight.com/global-affairs/972/

ئەم دینە لە ناو زانکۆکاندا لە دایک بوو. دەقە بنچینەییەکانی ئاکادێمیستەکان: ئان فاوستۆ ستەرلینگ یان جودیت باتلێر بۆ جێندێر، هەندێک یاسانـاسی وەک دێریك بێل و کیمبێرلی کرێنشاو بۆ نەژاد و تێکهەڵکێشخوازی (ئینتێرسێکشناڵ)، **دۆنا هاراوەی** و **ساندرا هاردینگ** بۆ مەعریفەناسی گۆشەنیگا. هەروەها هەندێک کەسانی زیاتر ناسراوی وەک ڕۆبن دی ئەنجێلۆ، ئیراهیم ئێکس کەندی، کە کتێب و سیمینارەکانیان زۆر پێشوازی لێکراوە و داوا لە سپی پێستەکان دەکەن کە تۆبە بکەن لە نەژادپەرستییەکەیان.

دینی وۆکیزم ئێستا لە زانکۆکان هاتووەتە دەرەوە. دەروێشەکانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بانگەشە بۆ "وتەی باش" دەکەن و لە لایەن GAFAM (گووگڵ، ئەپڵ، فەیسبوک، ئامازۆن و مایکرۆسۆفت)ەوە پشتگیری دەکرێت. تەنانەت لە قوتابخانە و ناوەندەکانیش، لەلایەن ئەو مامۆستایانەی کە باوەڕیان بەم دینە هێناوە، تیۆری جێندێر و ڕەخنەی نەژاد، لە ئەمریکا و هەموو خۆرئاواش، بە وانە دەوترێتەوە. ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ئەم دینە، یەکەم دینە کە لە مێژوودا لە زانکۆکاندا لەدایک بوو، هۆکارێکی دیکەیە بۆ نیگەرانییەکان، چونکە پێشتر زانکۆ و ناوەندی ئاکادێمیک، بۆ لێکۆڵینەوەی زاستی و بەڵگاندنی زانستی بوون.

**پرسیار: ئەم دینە چۆن لە زانکۆکانی ئەمریکا و فەڕانسا سەری هەڵدا؟ ئایا دەبێت نیگەرانی جێکەوتنی ئەم باوەڕانە بین لە قوتابخانەکاندا؟**

براونشتاین: دزەکردنی ئەم بیرۆکانە لەناو زانکۆکانی ئەمریکا، ئەنجامی میلیتانتیزمێکی کارامەیە. وۆکیزم توانیویەتی "ستادی/study"یەکان بکاتە جێگرەوەی "لقە" زانستیەکانی پێشوو. "جێندێرستادی، ڕەیس‌ستادی، قەڵەوی‌ستادی، کەمتواناییستادی و ...هتد. لەم "ستادی"یانەدا

چیتر ڕوانگەی جۆراوجۆر بوونی نییە، بۆ پێشخستی ئەمەش، ئاکادێمستەکانی لایەنگری ووۆکیزم، توانیویانە وتاری گاڵتەجاڕ لە گۆڤارەکانی پەیوەندیدار لەو بوارانەدا بڵاو بکەنەوە. بۆ نموونە وتاری "کەلتووری دەستدرێژی بۆ سەر سەگ لە پارکەکانی سانفرانسیسکۆ"، لەم لایەنەوە زانکۆکان بوونەتە شوێنی "سپیکردنەوەی ئایدیاکان"، "چونکە "پارەی پیس" لە شوێنی دیکە دەشۆردرێنەوە، بەم جۆرە هەڵویستی سیاسی توندڕەوانەی نوخبەی ئاکادێمیک کە هێدی هێدی، زانکۆکان کۆنترۆڵ دەکەن، وەک زانست دەخرێتە ڕوو.

ئەم دۆخە لە ناو بەشەکانی ئەدەب و زانستە مرۆییەکاندا زۆر گەشەی کردووە، بەڵام ئێستا بەشەکانی زانستی پزیشکی زیاتر بەر هێرش کەوتوون. دایکوباوکان دەبێت بزانن کە ئەم تیۆرییانە لەناو مامۆستا گەنجەکاندا بڵاو بووەتەوە. ئێستا لە ئەمریکا و بەمزووانەش لە فەڕانسا، "جەنگێکی کەلتووری" بوونی هەیە لەسەر ئەوەی کە لە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندنەکاندا، دەوترێتەوە.

**پرسیار: ئایا کاراکتەری دەمارگرژی ووۆکیستەکان و خۆبواردنیان لە وتوویژ لەگەڵ ئەوانەی هاوڕایان نین، ئەم بیروباوەڕە ناکاتە سێکت، زیاد لەوەی کە دین بێت؟**

براونشتاین: بێگومان لەهەندێ لایەنەوە دینی ووۆکیزم لە سێکت دەچێت، بەتایبەت بە لە خۆدوورگرتن لە گفتوگۆی عەقڵانی، بۆ نموونە لە خۆپیشاندانەکانی زانکۆی ئیفەرگرین لە ساڵی 2017دا، ڕوو لە مامۆستایەک کە دەیویست گفتوگۆی لەگەڵ بکات، داوای لێکرد باسەکە دابخات چونکە "لۆژیک نەژادپەرستانەیە". ڕوونە کە بە بەڵگاندن ناتوانین ڕێگە لە دینی ووۆکیزم بگرین. من ئاماژە بە لێکۆڵینەوەیەکی بەناوبانگی کۆمەڵناس لیۆن فێستینگێر دەکەم، کە تیایدا

باسی ئەوە هەیە چوونەتە نێو سێکتێک کە پێشبینی کۆتایی جیهانیان دەکرد لە کاتێکی دیاریکراودا، پاش ئەوە پێشبینییەکە هەڵە دەرچوو (کە لە 21ی دێسامبر دیاری کرابوو)، ئەندامانی سێکتەکە دوای ڕاڕاییەک، وتیان کە بەهۆی پاڕانەوە و نزای ئێمەوە جیهان وێران نەبوو! جێی دڵساردییە کە دەبینی واقعیەت ناتوانێت بیروباوەڕی سێکتاریزم بگۆڕێت. من بۆیە لەبری سێکت، باسی دین دەکەم، چونکە پێموایە کە ئەمە دیاردەیەکی زۆر گەورەیە کە بەشێکی زۆری جیهانی خۆرئاوای فریو داوە: ئەمە دۆکترینێکە کە بانگەوازێکی جیهانی هەیە و ژمارەی شوێنکەوتووەکانی لە ئێستادا ئێجگار زۆرن.

**پرسیار: تیۆری جێندێر، بەدەر لە جەستە، لە دڵی ئەم دوگمایەدایە؛ ئێوە وەک "بەرهەمی بانگەشەخواز"[3] پێناسە دەکەن. دەتوانن ئەمەمان بۆ ڕوون بکەنەوە؟**

براونشتاین: بەڕای من تیۆری جێندێر زۆر لە تیۆری ڕەخنەیی نەژاد، کە بوژاندنەوەی تیۆرییە کۆنەکانی خەباتی چینایەتی و نەژادییە، ڕیشەییتر دەڕوات. لە تیۆریی جێندێردا بەڵێنێکی نائاسایی بوونی هەیە، واتە ئەوەی کە بتوانین بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ خۆمان لە جەستە دەرباز بکەین و جەستەیەک بدەینە خۆمان کە لەگەڵ وشیاریمان هاوکۆک بێت: ئێمە تەنانەت دەتوانین خۆمان لە سەرەتاییترین شتێک کە هەمانە ڕزگار بکەین کە جەستەمانە. پڕۆژەی ڕزگاری بەم جۆرە دەگاتە دوواسنوورەکانی خۆی. هەڵبەت گرنگنەبوونی جەستە، هەندێک باسی

---

[3] Produit d'appel وەک دەستەوشە، ئاماژەیە بەو بەرهەمەی کە کۆمپانیاکان بۆ ڕاکێشانی کڕیار سوودی لێ وەردەگرن، بۆ نموونە بەرهەمێک بە هەرزان دەفرۆشن، بۆ ئەوەی کڕیار بەهۆیەوە بەرهەمی دیکە بکڕێت. واتە زیان لەبەرهەمێک لەپێناوی قازانج لە بەرهەمی دیکەدا.

مەسیحی و گنۆسیزممان بیردەخاتەوە، کە تیایدا جەستە دەبێتە نیشانەی خراپە. ئەمە یۆتۆپیایەی ڕزگاربوون لە جەستەیە بۆیە جێی نیگەرانییە، چونکە بەرەو GAFAM دەڕوات، واتە ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن دنیای ویرچواڵ (مەجازی)ـیمان پێ بفرۆشن لایەنگری سەرەکی تیۆرییەکانی ووکیزمن. هاوکات بەشێکە لە دینی ووکیزم کە لێکەوتەی زۆر جیدی هەیە، تا ئەو ڕادەیەی زۆر لە نەوجەوانەکان هان دەدات کە لە ژێر کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بێ بەرێکردنی کات بۆ زاڵبوون بەسەر دۆخی قەیراناوی ئەو تەمەنە دیاریکراوە، ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن. کەوابوو ووکیزم تەنیا سنوبیزمێکی[4] تێپەڕ و بێ لێکەوتە نییە.

**پرسیار: تیۆری ڕەخنەی نەژاد، ڕێگە لەوە دەگرێت کە خۆمان وەک تاکی خاوەن ئاڵۆزی تەماشا بکەین. ئایا ووکیزم دەبێتە ئەنتی تێزی مۆدێلی کۆماریخوازی فەڕانسی؟**

براونشتاین: لەڕاستیدا تیۆری ڕەخنەی نەژاد، ئەم ئایدیایە پێش دەخات کە تاک لەسەر بنەمای ڕەنگی پێست، خۆی دەستنیشان دەکات. ئەگەر ئێمە "سپیپێست" بین، بە زەرووڕەت نەژادپەرستین، ئەگەر "ڕەیسیزە" کراویت بەهەمان شێوەش قوربانیت. لەم بیرکردنەوەیەدا نەژادپەرستی کەموکوڕییەک نییە کە دەبێت دژی بین، بەڵکو سیستمێکە دابڕاو لە ئیرادەی تاکەکەسی ئێمە. کەوابوو ڕیشەکێشکردنی مەحاڵە. بەدەر لەمەش، تیۆریستەکانی تیۆری نەژاد، ڕوانینێکی زۆر ڕەشبینانەیان بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی هەیە، وەک نووسەری ئەمریکی، برێت ئیستۆن ئێلیس، دەڵێت: «ئامانجی ووکیزم دەربازبوونە لە تاک.» نابێت تاک لەسەر بنەمای

---

4 بۆ زانیاری لەسەر سنۆبیزم. https://en.wikipedia.org/wiki/Snob

شایستەیی یان کەسایەتی، هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەڵکوو تەنیا بەپێی هۆگریی بۆ گرووپێکی ئێتنیکی. کەواتە دی ئەنجێلۆ هێرش دەکاتە سەر ئەو قسەیەی کە پێی وایە "هەریەک لە ئێمە تاکێکی تایبەتین"، ئەمە گەڕانەوەیە بۆ بیرکردنەوەی خێڵەکی.

**پرسیار: بۆچی ئەم بیرکردنەویە سەرنجڕاکێشە؟ ئایا وەڵامێکە بۆ بۆشاییەک؟ هەوڵێکە بۆ ڕەهەندێکی مەعنەوی ونبوو؟**

براونشتاین: هەندێک لە نووسەرانی ئەمریکی، بۆ نموونە مێژوونووسی پرۆتێستانتیزم جۆزێف بۆتۆم، کە بزووتنەوەی ووکیزمی لەگەڵ دین بەراورد کردووە، بەباشی ڕوونی کردووەتەوە کە دەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ دارمانی پرۆتێستانتیزمی هێڵی سەرەکی، لە 52%ی دانیشتووانەوە لە 1965 تا 10%ی هاوچەرخ. لە ئەورووپاش ئێمە دارمانی کاتۆلیزم دەبینین: شانتال دێلسۆل، لە دووایین کتێبیدا، کۆتایی مەسیحیەتی باس کردبوو. ڕێی تێدەچێت کە ئاگۆست کۆنت هەڵەی نەکردبێت کە وتبووی هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ دین بوونی نابێت و ڕەچەڵەکی زاراوی دینی بۆ religare گەڕاندبوویەوە. (relier /پەیوەستکردنەوە). لە کۆمەڵگە بێدینەکانی ئێمەدا (ئەورووپا) وەک میشێل وێلبێک (یەکێك لە خوێنەرە زیرەکەکانی ئاگۆست کۆنت) ئێمە "گەردیلەی سەرەتایین" کە پەیوەست نین بە هیچەوە. بێگومان لەم کەلێنە مەعنەوییەدا، دین دەتوانێت گەشە بکات، ئەمە (ووکیزم) گەڕانێکە بۆ مانا، بەڵام ئەم دینە ڕێگە

بۆ هیچ باڵایی و بەرزەوەبوونێک (transcendance) ناکاتەوە: لەڕاستیدا دینێکی هایپێرئەخلاقی و پوریتانە.[5]

**پرسیار: سەیرە کە ئەم دینە لێبوردەیی ناناسێت، وادیارە زیاتر هۆگری جیاکردنەوەی " پاک" و "ناپاک"ـە...**

براونشتاین: وەک چۆن پسپۆڕێکی گەورە و "تۆکفیل"ناس، جاشوا میتچێل، ئاماژەی پێدەکات، ئەمە لەڕاستیدا "دینێکی بێ خوا و نالێبوردەیە". "ئیمتیازی سپی" یەکسانە بە گوناهی یەکەم، بەڵام لێرەدا هیچ دەربازبوونێکی ڕۆحی بەهۆی ڕەحمەتی خوداییەوە بوونی نییە. "نێرایەتیی (ماسکولانێتی) سپی" کە ڕۆڵێکی کەمتری بەراورد بە "ئیمتیازی سپی" هەیە، دەکرێت بە بێ هیچ هیوایەکی زۆر (واتە "لێکترازانی" ڕێساکانی نێرایەتی) کە لە فەڕانسا لەلایەن هەندێک فێمێنیست وەک ساندرێن ڕووسۆ، پشتگیری دەکرێت، دژی بوەستینەوە.

**پرسیار: پیاوی سپی بە "سیستماتیک" ڕەیسیست و سێکسیستە... ئایا پێشگریمانەی هەندێک لە وۆکسیتەکان نییە کە پێیانوایە "خراپە" لە خۆرئاواوە هاتووە؟**

براونشتاین: زۆر جێی سەرسووڕمانە کە وابزانین کە پیاوی سپی ئەم سەردەمە خۆی بە تاوانباری هەموو خراپییەکانی جیهان بزانێت. چل ساڵ لەمەوبەر پاسکاڵ برۆکنەر بەڕوونی ئەمەی لە

---

5 پوریتانیزم، ڕەوتێکی چاکسازیخوازی دینی، بۆ زانیای زیاتر بڕوانە:
https://en.wikipedia.org/wiki/Puritans

کتێبی " فرمێسکی پیاوی سپی"دا باس کردبوو. ئەمە لەخۆباییبوونێکی نابەجێیە کە بمانهەوێت خۆمان بە بەرپرسی هەموو بەدبەختییەکانی جیهان بزانین. لە زانکۆکانی خۆرئاوا باسی ئەوە دەکەن هەموو خراپییەکان لە شارستانی خۆرئاواییەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک ئەوەی تەنیا خۆرئاواییەکان "بازرگانیی کۆیلە"یان کردبێت، یان وەک ئەوەی دۆخی ترانسجێندێرەکان لە جیهانی ئیسلامیدا باشتر بێت.

**پرسیار: ئەم شەپۆلە ئایدیالۆژیکە ئێستا جیهانی خۆرئاوای گرتۆتەوە. ئایا ئەمە نیشانەی پیربوونی شارستانییەکەی ئێمەیە کە بڕیاری داوە کەلتووری خۆی لەناو ببات؟**

براونشتاین: دەگونجێت کە ڕوانگەیەکی ژێئۆپۆڵیتیکمان بۆ وۆکیزم هەبێت. تەنیا لە جیهانی خۆرئاوادایە کە ئەم دینە گەشەی کردووە و هەموو شارستانییەکانی تر سەریان سووڕ ماوە. زۆر لەوان ئایدیاکانی وۆکیزم بۆ لێدان لە خۆرئاوا بەکار دەهێنن؛ جیهانێک کە لە کۆتایی ڕێگەکەیدایە. ئەمە گۆشەنیگای پووتینە کە تیۆری جێندێر بۆ پاساوی هێرشکردنە سەر ئۆکرایین بەکار دەهێنێت. شی جین پینگ، کە بە بزوتنەوەی Black Life Matter، ڕەخنە لە بوونی ڕەیسیزم لە ئەمریکا دەگرێت. یان کەناڵەکەی قەتەر ئەی جەی پڵاس +AJ کە بانگەشە بۆ تیۆری جێندێر و ئینتێرسێکشناڵیزم دەکات لەناو گەنجەکانی ئەورووپا.

**پرسیار: دینی وۆکیزم، هیچ بەڵێنێک بۆ داهاتوو نادات، ئایا ئەمە سنووورداری ناکات؟**

براونشتاین: ئەمە سەرسووڕهێنەرترین تایبەتمەندی دینی ووٚکیزمە. پێچەوانەی دینی کۆن یان "دینـە سێکۆلارەکـــان"ـی ســـەدەی بیـستـەم وەک کۆمۆنیـزم و فـــاشیـزم، ووٚکیـزم بـــەڵێـنی "داهاتوویەکی ڕوون" نادات، بەڵکو ئۆرتۆپراکسییە (کردارچاکی) کە دەڵێت جیهانێک دروست بـکەین کـە کـەمـتر هـەڵاواردنی تێدا بێت. دەتـوانین بـەمجۆرە پـرسیار بـکەین ئـایا دینی ووٚکیزم دەیتوانی لە ژینگەپارێزی ئاپۆکالیپسیدا (تیاچوون)، ڕێگەیەکی سکۆلاستیکی بدۆزێتەوە.

لەبەرچاوماندایە کە چۆن چەمکی "ئەندرۆسێن androcène" لەلایەن کەسێک وەک ساندرین ڕووسۆ (فێمێنیستی فەڕانسی)ـەوە بلاو کراوەتەوە، پێداگری لەسەر ئەم ڕاستییە دەکات کە پیاوی سپی، بەرپرسی کارەساتی ژینگەییە. کەوابوو، ئەگەر بەڕاستی بمانهەوێت ئەم کارەساتەی مرۆڤ، بەتایبەت مرۆڤی سپی، ڕیشەکێش بکەین، ڕەنگە پێویست بێت بەتەواوی نەژادی سپی لەسەر زەوی بسڕینەوە. تاکە بەڵێن ئەوەیە کە زەوییەک بەبێ ئەم پارازییتانە (مرۆڤی سپی)مان هەبێت، بەڵام ناشتوانین بڵێین کە ئەمە "بەڵێنێ ڕاستەقینەی داهاتووە"ـە.

---

سەرچاوە:

https://www.revuedesdeuxmondes.fr/jean-francois-braunstein-ideologie-woke-snobisme-passager-sans-consequences/